# پرۆڤەیەکی خۆشەویستی بکەن بزانن چۆنە؟

ئەڤین ئیبراهیم فەتاح
avinfatah@yahoo.com

ماوەیەکە لە ئیسرائیلی دەوڵەتی کافران پەخشکردنی کاسێتێکی ڤیدیۆیی کۆمەڵگەی ئەو دەوڵەتەی هەژاندووە، لە کاسێتەکەدا ژنێك دیارە کەلەدوو منداڵ دەدات، هەواڵەکەش بەوە دەست پێدەکات کە دایكو باوکێك لە دایانی دوو منداڵە حەوت مانگیەکانیان بە گومان دەبن بۆیە کامێرایەکی شاراوە لە هۆڵی ماڵەکەیان جێگیر دەکەنو دواتر وەك لە کاسێتەکەدا دەیبینن دایانەکە لە منداڵی یەکەم دەدات ئینجا دووەمیش دەکوتێت چونکە لە کاتی تەماشاکردنی تەلەڤزیۆن بێزاری دەکەن وناهێڵن پڕ بەدڵی خۆی سەیری بکات بەمەیش دایك و باوکەکە کاسێتەکەو سکالانامەی خۆیان تەسلیمی پۆلیس دەکەن، ئەویش دەسبەجێ ژنە دایانە سی ساڵیەکە دەسگیر دەکات، ئەفسەرێکی پلە بەرزی ئیسرائیلی لە بارەی ئەم رووداوەوە دەڵێ: ماوەی بیست ساڵە لەم کارەدام، تا ئێستا رووداوی نامرۆڤانەی دڵتەزێنی وام نەدیوە، بلاوکردنەوەی هەواڵەکە چەندین خێزانی دیکەی ئاشکرا کرد کەهەمان کێشەیان هەبووە، پاشان خزیە ناو تۆری ئینتەرنێتەوەو مەپرسە چی رووی دا، هەرچی زاناو پسپۆرو کاربەدەست هەیە وەوەلام هاتن، کۆرو سیمینارو گفتوگۆیان لەبارەوە کردو دایانەکانیان بە تاوانبارو دڵرەق زانی، پاشان بەو ئەنجامەگەیشتن کە نابێ دایكو باوك متمانەیان بە دایان هەبێتو دەبێ هەمیشە کامێرایان بۆ دابنێن.

لە کۆمەڵگەیموسڵمانی لە مەڕ خۆشماندا، لە پایتەختی هەرێمو بە رۆژی نیوەڕۆ، لە داخی دڵڕەقیی مامۆستاکەی، ڤینۆسی پەپوولە خۆی سووتاند، کەچی بلاوبوونەوەی هەواڵی خۆسووتاندنی منداڵێك نە خەڵکی دەهەژێنیو نە پسپۆڕانیش کۆ دەبنەوە، مامۆستای دڵرەقیش هەمیشە وەك بەرزکی بانان بۆی دەردەچێ!

لە ناوەندی شەبەنگی ئێوارانی کچان، کۆمەڵێك کچی نەوجەوان، دوای ماوەیەك دابڕان لە خوێندن بە کۆڵێك باری قورسی ژیانەوە، بۆ پۆلەکانی خوێندن گەڕاونەتەوە، لە جیاتی رێزلێنان و دەستخۆشی لێ کردنیان، هەندێك لە مامۆستاکانیان جگە لەوەی کاری پاککردنەوەو بەردەستیی قوتابخانەیان پێدەکەن، ئەمە چش لەوەی رۆژانەش بە سوکایەتی پێکردنو ئیهانەو جنێو مامەڵەیان لە تەکدا دەکەن. کەسەرەنجام ئاوێکی ساردو دڵتەزێن دەکەن بەسەر دڵگەرمی ئەوان بۆ خوێندنو فێربوون، سەرای ئەمەش چەندین ویستو ئارەزووی حیزبیان بەسەردا

دەسەپێنن! !لەم نێوەدا نە ئەوەیە دایكو باوكەكانیان هیچیان پێبكرێت بۆیانو نە ئەوەشە سیستەمی دواكەوتووی توندوتیژی خوێندن بێتە گۆڕین،بێگومان ئەمە تەنیا سیستمی یەك قوتابخانە نیە بگرە سەرانسەری قوتابخانەكانمان لە خۆشەویستی بێ بەشبوون، هاوبەشن، دیارە سپاردنی كاری بەردەستیو پاككەرەوەش بە فێرخواز دیاردەیەكی نوێ نیە،ئەوەی بەلای منەوە سەیرەئەوەیە كە ئێمە قەت بیر لەوە ناكەینەوە مامۆستاو پەروەردەوانانمان فێرە خۆشەویستی بكەین، من پێم وایە ئەو مامۆستا بەرێزانە لە خۆشەویستی بێبەشن بۆیە ناتوانن بیبەخشن، سەرەنجام ئەوانو زۆربەی خەڵكی ئەم ولآتە لە كارەكانیاندا سەركەوتوو نین.